# من
# کەسێکی مەزن نیم
# هەستڕەنگین و زرنگیش نیم

ئامادەکردنی: سەڵاح حەسەن پاڵەوان

زۆربەی ژاپۆنییەکان قوتابخانە تەواودەکەن. کاریان پەیداکردووە، پاش ماوەیەکی کەم هاوسەرگیری دەکەن، لەبەرئەوەی لە بناغەوە دەمویست ئەم رێڕەوە بگرمە بەر، هەرواشم کرد، یان وام دەزانی دەبێ هەر وابێت، بۆیە سەرەتا هاوسەرگیریم کرد، پاشان کارم پەیدا کرد. دواجار توانیم بە هەرجۆرێ بێت خوێندن تەواوبکەم، یان دەتوانم بڵێم ئەو رێڕەوەی من گرتمە بەر تەواو پێچەوانەی ئەوە بوو کە بە شێوەیەکی ئاسایی پەیڕەودەکرا. ئەمە شتێکە هاروکی موراکامی دەربارەی کارو ژیانی خۆی لە رۆژنامەی تلگراف نوسیویەتی.

ہمانەوێ و نەمانەوێ لە دنیای ئەمڕۆدا، مۆراکامی بووە بە دیاردەیەکی سەرسوڕهێنەر، ئەقڵ و مێشکی ژمارەیەکی زۆر لە وەشێنەران و رەخنەگرانی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە و دەیانەوێ بزانن، نهێنی ئەم سەرکەوتنە چییە؟ ئەو کەسانەی ئەو رووی دەمیان تێدەکات، لە توخمی جی کی رۆلینگ و تالکین نین. ئەو بابەتانەی ئەو لە بارەیانەوە دەنووسێت، ئەو بابەتانە نین تا لای هەرزەکاران سەرنجڕاکێش. لەلایەکی تریشەوە ئەو تاسەری ئێسقان وابەستەی کولتوری ژاپۆنییە، ژاپۆنییەک فەرهەنگەکەی زمانێکی زیندووی نێوان دە زمانەکەی دنیا نییە.

رۆمان و نوسینەکانی مۆراکامی جەماوەرێکی فراوانتری هەیە لە چاو سینەمای ژاپۆنی، کە ساڵەکانی پاش جەنگی جیهانی دووەم گەیشتە بەرزترین پلەی خۆیی و دەرهێنەرانی گەورەی بەرهەمهێنا. لەنێوان خوێنەرانی بەرهەمەکانی مۆراکامی بڕێکی زۆر هەن، هەر کە لە خوێندنەوەی چیرۆکەکانی دەبنەوە،کتێبەکەی دەخەنە سەر زەوی و هەستێکی خۆشیان لا دروستدەبێت. ئەم هەستەش لەوێوە سەرچاوەدەگرێت، کە ئەم نووسەرە هێزی خەیاڵکردنی خوێنەرەکانی دەباتە سەرەوە. بە جۆرێ هەڵدەستێ بە وردکردنەوەی رووداو و بەسەرهات و گرفتارە زەیننەکان، هەروەک بڵێی پەردەی سینەمای هەڵخستووە بە رووی چاوی خوێنەرانی، تا بتوانن بە روونی تەماشای هەموو گوزەرگاکان بکەن.

جگە لەوانەش لە نێوان خوێنەرانی بەرهەمەکانی موراکامی، خوێنەرانێک هەن بڕوایانوایە بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی هیچ هەستێکیان لا دروست نابێت. بەسەرهاتەکان ئەوان گرفتارناکات و کێشکردنی چیرۆکەکانی بە شێوەی کێشکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە، کە پڕە لە ژاوەژاو و بێسەروبەری، هەر پاش چەند رۆژێک، هیچ شتێکی تایبەتییان تێدا نامێنێتەوە، بەڵام ئەگەر ئێمە هەستین بە هەڵسەنگاندنی هەردوو گرووپەکە رەنگە بشێ بەو ئەنجامە بگەین، کە نووسینەکانی موراکامی هەڵگری جادوویەکن، دەتوانن وەرگر بەرەو لای خۆیان کێشبکەن و کتێبەکە هەڵگرن هەنگاو بە هەنگاو بڕۆنە پێشێ و سەرەتاتکێیەک لەگەڵ کەسە خەیاڵییەکانی ئەودا بکەن.

موراکامی لە چەند پارچەیەک لەسەر ژیانی خۆی دەڵێ: من سێ ساڵ وەک کۆیلەکان کارمکرد، زۆر قینم لەوە بوو بۆ کۆمپانیایەک کاربکەم. هەر بۆیە بڕیارمدا کاروکاسبییەکی تایبەت بە خۆم هەبێت، لە شوێنێ بتوانم کاربکەم، کە مرۆڤ بتوانێت گوێ بۆ موزیک هەڵخات و قاوەو سنەک بخواتەوە. بیرێکی سادە و خۆشبینانە بوو. وام بیر دەکردەوە کارێکی ئا لەمجۆرە ئەو بوارەم بۆ دەڕەخسێنێت هەر لە بەیانییەوە تا شەو، بەوپەڕی ئیستراحەتەوە، گوێ لەو موزیکانە بگرم کە دڵگیرمن، گرفت لەوەدا بوو ئێمە تازە هاوسەرگیریمان کردبوو هێشتا دانیشگامان تەواونەکردبوو و بۆ کارێکی ئاوەهاش ئەوەندە پارەمان نەبوو. دواجار من و هاوسەرەکەم سێ ساڵ وەک کۆیلەکان کارمانکرد. هەرچی ئیش هەبوو کردمان، تا بتوانین پارە پاشەکەوت بکەین.

پاشان بە قەرزکردنی بڕێک پارە لە خزم و دۆستان لەگەڵ ئەو پارەیەی کە بە گران پاشەکەوتمان کردبوو، توانیمان کافتریایەکی بچووک لە دەوروبەری شاری تۆکیۆ بکەینەوە.

ساڵی ١٩٧٤ بوو، ئەو سەردەمە لەچاو ئێستە، بوون بە خاوەنی دووکان ئاسانتر بوو، لاوانێکی وەک ئێمە بە هەر نرخێک بووایە دەیانویست کۆمپانیاکان







بەجێبهێڵن و بڕۆن. دەهاتن لەمبەر و ئەوبەر دووکانی بچووک بچووکیان دادەنا. کافتریا، ریستۆران، وردەفرۆش، کتێب فرۆش، یان هەرچییەک بە بیریان دەهات، ئەو دوکانانەی لە تەنیشت ئێمە دەکرانەوە زیاتر لە لایەن ئەو کەسانە بەڕێوەدەبران، کە هاوتەمەنی ئێمە بوون. دەوروبەری شاری تۆکیو بووبوو بە سەنتەرێکی فرەکولتوری بەهێز، زۆر لەو کەسانەی دەهاتنە ئەوێ، ئەو قوتابیانە بوون کە لە بزووتنەوەکانی قوتابیان پاشەکشەیان کردبوو.

پیانۆ کۆنەکەی ماڵی باوکمم هێناو لە کۆتایی هەفتەکان لە کافتریاکەمدا پیانۆم دەژەنی، بڕێک ژەنەری زۆر لەو ناوە دەژیان بەو کەمە کرێیەی دەماندانێ، خۆشحاڵ دەبوون بەوەی موزیکمان بۆ بژەنن. زۆر لەو ژەنەرانە پاشان بوون بە موزیکژەنی بەناوبانگ. تا ئێستەش هەندێ جار لە هەندێ لە کلاپی شەوانەی موزیکی جاز رووبەڕوویان دەبمەوە. هەرچەندە ئەو کارەمان دەکرد کە حەزمان لێ بوو، بەڵام دانەوەی قەرزەکانمان گرفتێکی هەمیشەیی بوو. قەرزاری بانک و ئەو کەسانەش بووین، کە پشتیوانییان کردبووین.

جارێکیان لە دانەوەی قەرزەکانی بانک گیرمان خواردبوو، شەو درەنگانێ خەمگینانە لە شەقامەکە تێدەپەڕین، بڕێک پارەمان دۆزییەوە. تەواو ئەو شتە بوو کە پێویستمان بوو. نازانم ئەمە رێکەوت بوو یان شەفاعەتی خوایی بوو، لەبەرئەوەی سبەی دوا مۆڵەتی دانەوەی قەرزەکە بوو، لە راستیدا ئەم رووداوە باشبەختییەک بوو، ئەم جۆرە رێکەوتانە زۆر جار لە قۆناغەکانی ژیانمدا روویانداوە. رەنگە زۆر لە ژاپۆنییەکان هەڵدەستن بە ئەنجامدانی چاکەکاری و ئەو پارەیە تەسلیم بە پۆلیس دەکەنەوە، بەڵام ئەو بارودۆخەی هەمانبوو نەماندەتوانی رۆژگار بگوزەرێنین، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لە خۆشگوزەرانیدا بووین. لاو بووم و لە هەرەتی جوانیدا بووم و دەمتوانی خۆم سەرگەورەی بڕیارەکانی خۆم ببم و رۆژ، تا ئێوارە گوێ بۆ موزیکی لەدڵا شیرینم هەڵخەم. ناچارنەدەبووم لە نێو شەمەندەفەر پڕەکاندا رێگای دوور ببڕم و بە ناچاری

بەشداری کۆبوونەوە بێزارکەرەکان بکەم ، ئەو شتانە بلێمەوە کە رقم لێ دەبووەوە، لە جیاتی ئەمە رێگەمدا بە خۆم ئاشنای هەموو جۆرەکانی مرۆڤ بم ، ٢٠ تا ٣٠ سالی ژیانم لە بەیانییەوە تا شەو، خەریکی دانەوەی قەرز و کاری سەخت بووم، هەر لە ئامادەکردنی ساندەویچ و کۆکتێل دروستکردن، تا خزمەتکردنی موشتەرییەکان.

پاش نیوەڕۆیەکی خۆرەتاوی ساڵی ١٩٧٨ بوو، چوومە ستادیوم و بۆ تەماشاکردنی یارییەکی تۆپی سەلە، ئەوەندە لە ماڵمەوە دوور نەبوو، یەکەمین پێشبڕکێی سەنتەری بوو کاتژمێر یەک دەستی پێ دەکرد. بە پیاسە رۆیشتم بۆ تەماشاکردنی گەمەکە. یاریەکە گەرمی کرد، هەردوولا دەستیانکرد بە پیاهەڵدانی تیمەکەیان. لەم کاتەدا بەبێ هیچ باگگراوندێک، بیرۆکەی ئەوەم بە مێشکدا هات رۆمانێ بنووسم. تا ئێستەش دەتوانم ئەو هەستە وەبیر بهێنمەوە. هەستمکرد شتێک لە ئاسمانەوە هاتە خوارەوە و منیش بە ئاسانی بە دەستەکانم گرتمەوە. نازانم بۆچی دەبێ فرسەتی گرتنەوەی بەر من بکەوێت، ئەو کاتە نەمزانی بۆ و تا ئێستەش نازانم بۆ، لەبەر هەر هۆیەک بوو بێت ئیتر روویدابوو. لە کودەتایەک دەچوو، یان رەنگە دەرکەوتنی نزیکترین وشە بێت.

ئەوەی دەتوانم بیڵێم ئەمەیە لەم ساتەوە ئیتر ژیانم بە تەواوی و هەمیشەیی گۆڕانی بەسەردا هات. پاش یارییەکە سواری شەمەندەفەری سینجۆکۆ بووم ، لاپەڕەیەک و پێنووسێکم دەرهێناو. ئەو سەردەمە هێشتا کۆمپیوتەر پەیدا نەبووبوو، ئەمەش مانای وابوو هەموو شتەکان دەبێ بە دەست بنووسینەوە.

هەستی نووسین وێنەی نەبوو. بیرمە چەندێ شادمان بووم. دواین جار نووکی قەڵەمەکەم خستە سەر کاغەز هەر بەردەوام بوو لە نووسین.

پاش ئەوە هەر شەوێ درەنگانێ دەگەڕامە ماڵەوە، لەسەر مێزی نانخواردن دادەنیشتم و دەمنووسی، تەنیا کاتی دەستبەتاڵیم چەند کاتژمێرێکی پێش بەرەبەیان بوو، پاش شەش مانگ «گوێ لە دەنگی با بگرە»م نووسی، دواین بەشی ئەو رۆمانەم رێک بە بەشی یاری تۆپی سەبەتە تەواو کرد.

(گوێ لە دەنگی با بگرە) بەرهەمێکی کورتە، زیاتر چیرۆکێکە تا رۆمان. لەگەڵ ئەمەشدا وزە و کاتێکی زۆری پێ خەرجکردم. ئەڵبەتە هەندێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کورتە کاتانەی کە هەمبوون، بەڵام گرفتەکە لەوێدا بوو کە نەمدەزانی چۆن رۆمان بنووسم.

لە چاوپێکەوتنێکی تردا دەڵێ «خەڵکی دەڵێن نووسینەکانم جۆرێکن لە نووسینی پاش مۆدێرنێزم، یان نووسینی سەر بە ریالیزمی سیحرین، بەڵام ئەم ناووناتۆرەو پێناسانەم بەلاوە گرنگ نییە. خۆم بە خوێنەرێ نازانم ئامادەیی تێدا بێت بۆ کارەکانی تۆماس بینشۆن، یان هیچ یەک لە نوسەرە ناسراوەکانی پاش مۆدێرنیزم.

من مارکیزم خۆش دەوێت، بەڵام پێموانییە شێوازی نووسینی ئەوەیە، کە پێیدەوترێت «ریالیزمی سیحری». ئەوەیان تەنیا شێوازی نووسینە. من پێموایە مارگیز دەربارەی واقعی خۆی دەینووسی، منیش هەمان شت دەکەم. لەبارەی واقیعی خۆمەوە دەنووسم، جیهانی واقیعی خۆم. ئەگەر شتێکی چاوەڕوان نەکراو روویدا، ئەمە دەیسەڵمێنێ کە من کارەکەم بە چاکی ئەنجامدەدەم، شتێک دەکرێ بە کارێکی واقیعی داینێین، بۆیە ئەگەر «شوانێ» لەیەکێ لە کارەکانمدا دەرکەوێ، مانای وایە بەراستی دەرکەوتووە، دەزانی ئەمە هیچ سیمبولێکی تێدا نییە، هیچ مەجازێکی تێدا نییە، تەنیا من و ئەو.

پەرۆشی سەرەکیم رۆمان و چیرۆکنووسینە. ئەمە دەکەم تا بزانم من کێم، تەمەنم شەستوپێنج ساڵە، تا ئەم تەمەنەش یاوەگۆییم (فزوڵی) م بۆ ئەوەی بزانم من کێم و لە خۆمدا چی دەبینم و بەرەو چ شوێنێک دەڕۆم؟ تاڕادەیەک من کەسێکی سەرەڕۆم، سەروکارم لەگەڵ نووسیندا بۆ ٣٦ ساڵ دەگەڕێتەوە. بە شێوەیەک لە شێوەکان من سەرکەوتووم و لەسەر ئاستی جیهان خوێنەرم هەن، بەڵام تێناگەم بۆچی ئەمە روودەدات. لە روانگەی منەوە ئەمە تاڕادەیەک



پەرۆشی سەرەکیم رۆمان و چیرۆکنووسینە. ئەمە دەکەم تا بزانم من کێم، تەمەنم شەستوپێنج ساڵە، تا ئەم تەمەنەش یاوەگۆییم (فزوڵی) م، بۆئەوەی بزانم من کێم و لە خۆمدا چی دەبینم و بەرەو چ شوێنێك دەڕۆم؟ تاڕادەیەك من کەسێکی سەرەڕۆم،

لە پەرجوویەک دەچێت. کەسێکی مەزن نیم، دەسترەنگین و زرنگیش نیم ، بەڵام کەسێکم دەنووسم، تەنیا ئەوەی دەمەوێ بیزانم بۆچی ئەمە لای مان ڕوودەدات تەنیا لای من و لای کەسانێکی تر ڕوونادات!

ڕۆمان لای من بەشێکە، ڕستەیەکە، دیمەنێکی جوانە، یان گرتەیەکی ڤیدیۆییە. ئەو دیمەنانە دەبینم، کە ڕۆژانە سەدان و هەندێ جار هەزاران جار مێشکیان داگیرکردووم. لە پڕێکدا بە خۆم دەڵێم باشە، دەینووسمەوە.

لە پرسیارێک دەربارەی ئەفسانە، نوسەر وەڵامی ژمارەیەک لە خوێنەرانی دەداتەوە دەڵێ :»هەموو ئەو ئەفسانە ناسراوانەی لە جیهاندا هەن، هەڵگری زۆر ڕەگەزگەلی هاوبەشن، ئەگەر لە ڕەگی هۆشمەندیمانەوە قووڵتر بڕوانینە زمان و کولتور و زەمەن، ئەوەمان لا ئاشکرا دەبێت، هەر هەموو ئەفسانەکان پەیوەستن بە یەکترییەوە.

کاتێ دەست دەکەیت بە نووسینی ڕۆمان نابێت ، پێشتر نەخشەت دانابێت. بەڵام بوروژێ، وەک چۆن لە دارستانێکدا چاوەدێری گیانلەبەرێ دەکەیت، چاوی لەسەر ناتروکێنی، تەماشایدەکەیت، بەپێی جووڵەی ئەو دەجوڵێی. ئەگەر ئەم ڕێگایەت گرتە بەر حەتمەن کارەکەت دەبێتە کارێکی خۆبەخۆیی. لەو جۆرە ڕۆمانانەدا جووڵە وەک تەماشاکردنی گیانلەبەرێکە لە دەشتودەردا، ڕێک لە جووڵەی نێو ئەفسانەکان دەکات. ئەفسانەکان عەقڵی دەستەجەمی مرۆڤەکانن و لەبونیادی درامیدا داڕێژراون، ئەو ڕۆمانانەی دەیانووسم هەڵگری هۆشمەندییەکی تایبەتین، ئەگەر بەرەو ئاراستە زۆر قووڵەکان ڕەدوویکەویت دەگەیتە ئەوەی کە تێکەڵە بە ناهۆشمەندی دەستەجەمی.

کاتێ بە زمانێکی تر دەنووسین، فەرزە لەسەرمان وشە و ڕستە سادەکان بەکاربهێنین و پارێزگاری ڕستە کورتەکان بکەین، تا تێگەیشتنی ئاسان بێت. لە میانەی بونیادنانی وشە و ڕستەکانم ئەمەم دۆزییەوە، بۆیە توانیم لەگەڵ پاراستنی مەودا ئەدەبییەکان و قووڵایی تێکستە بنەڕەتییەکە بە زمانی ئینگلیزی کارەکانم بنووسەوە. کاتێ ڕستەی بچووک بە وشە سادەکان دەنووسی لە ناخی دنیای فۆلکلۆری- ئەفسانەییدا مەلەدەکەیت، ئەوەی ویستم بیکەم بەتەواوی ئەم زمانە ئەدەبییە وەلاوە نێم، کە ئێستە هەیە و زمانێکی ئەدەبی نوێ پێکبهێنم.

لە چەند وتەیەکی تایبەتدا موراکامی ئاوەها باسی ژیان دەکات: « لە سەردەمێکدا دەژین هەر زۆر سەختە بتوانی لەسەر چاکە و خراپە بڕیاربدەیت. دیواری نێوان تاوانکار و بەشەکەی تری مرۆڤایەتی تا بڵێی لەرزۆکە. کرداری و تیۆری ئەوەندە تێکەڵ بەیەکبوون، ئەوانەی دژن بە ئارامی بەرقەراربوون خۆیان بەشیک پێکدێنن لە دامەزرێنەرانی ئەو بەرقەرارییە. دەمویست ڕۆمانێ بنووسم ئەو ڕۆمانەی هەموو سیستەمی کۆمەڵایەتیمان بە هەموو دوو ڕووییەکانییەوە بخاتە ژێر پرسیارەوە.

**سەرچاوەکان:**

-ماڵپەڕی: www.weststeijn.nl/site/wp-content/uploads/2011/10/Murakami.pdf

-هاروكي ماروكي: كل شى عبارة عن سيرة .... ترجمة : محمود حسني

www.takweeen.com/?p=6815-

http://www.persianv.com/maharatha-